گەشەکردنی ئابووری ئێران، تەنیا کاریکاتۆرێکە

ئ: سولەیمان ئەبووبەکری

بەر لە دەستپێکردنی دەیەمین خولی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران، ئەحمەدینژاد بە ئامادەکردنی گەلاڵەیەک لەژێرناوی «گەلاڵەی نوێنەکی* بەکارهێنان» کە هەمان گەلاڵەی ئامانجدارکردنی سووبسیتەکانی ئێستایە، بۆ پەسەندکردنی ئەم گەلاڵەیە چ لە ئاستی کۆمەڵگادا و چ لەئاستی مەجلیسدا(پارلمان) ئامادەکاری بۆ کردبوو، بە ئامادەکردنو خۆشکردنی بوار بۆ ئەم گەلاڵەیە، دەبوایە پێشبینی ئەوە بکرێت کە دەوڵەتی کودەتا، ماوەیەکی زۆرە لەپشت پەردەوە، خۆی بۆ داسەپاندنی وەها گەلاڵەیەک ئامادە کردووە. هەرچەند لە ژمارەکانی رابردوودا، پێ بەپێی پێشبینیو دەرەنجامەکانی «لابردنی سووبسیتەکان» هاتووین، بەڵام لەم ژمارەیەدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئاکام و دەرەنجامی لابردنی سووبسیتەکان لە ئێران کراوە. بێگومان مەزەندەی نزیکی ئابووری ئێران لەدارمان دەکرێت کە چینی هەژارو مامناوەندو بەرەبەرە چینی دەوڵەمەندیش لە جەلدەیەکی ئابووری نزیکتر دەکاتەوە. لەوەها بارودۆخێکیشدا کۆمەڵگای ئێرانیش ئیتر توانای خۆراگریی لەبەرامبەر سیاسەتە چەوتو هەڵەو ناپسپۆرانەکانی کابەدەستانی کۆماری ئیسلامیان نامێنێت. گەرۆژانە سەیری شەقام و کۆڵانی شارەکان بکەین، بێگومان دەیان و سەدان دیمەنی دڵتەزێن لە هەژاری کۆمەڵگای ئێران سەرنجمان رادەکێشێت و داخی ئەوەیکە کۆمەڵگایەک کەلەسەر ئۆقیانووسێک لەسامانی سروشتیدا خەوتووە، جێگای خۆی بە دەیان پرسیار دەگۆڕێتەوە. بەڵام سەیر ئەوەیە وێرای تەواوی ئەو فاکتە بەرچاوانە کە نیشاندەری ئابووری لاوازی ئێرانن، ڕۆژ نییە لە میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیدا باس لە پێشکەوتن لەبواری ئابووریدا نەکرێت، هەربۆیە دەتوانین بڵێین: گەشەکردنی ئابووری ئێران، وێرای ئەوەیکە تەنیا کاریکاتۆرێکە، کاریکاتۆریستەکانیشی ئاماتۆرێکی بەتەواو مانن، چونکە بەپێچەوانە نیشاندانی وەها بارودۆخێکیشدا لاواز ماونەتەوە. بەپێی ئاماری گومرگی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەماوەی ٥مانگی یەکەمی ئەمساڵی هەتاویدا، ڕێژەی هاوردەکانی ئێران نزیکەی ٢٠٪ پەرەی سەندووە و هاوکات ١٠٪ بەهای هەناردەکانی ئێران لەچاو ماوەی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو دابەزینی هەبووە. لەحاڵێکدا مامناوەندی هاوردەکانی ئێران لەماوەی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا نەدەگەیشتە ١٥میلیارد دۆلار، ئەم ڕێژەیە لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠میلیارد دۆلار بووەو لەماوەی ساڵی ٨٧ی هەتاویدا گەیشتووەتە ٧٠میلیارد دۆلار. پێشبینی دەکرێت ئەم ڕێژەیە وێرای داهاتە نەوتییەکانی ئێران، پەرە بستێنێت. بەڵام، تەنیا تێکچوونی تەرازوی هاوردەو هەناردەکان پشتی ئابووری ئێرانی کوڕ نەکردووە، بەڵکو پەرەسەندنی «قاچاغ» لەم ماوەیەدا گورزێکی گارێگەری لە ئۆرگانە ئابووریییەکانی ئێران داوە. لەوانە بەشێوەیەکی مامناوەندی ڕۆژانە ١٢میلیۆن لیتر سووتەمەنی بۆ دەرەوەی ئێران بەشێوەیەکی قاچاغ هەناردە کراوەو مەشروباتی ئەلکۆلیش زۆرترین پشکی قاچاغیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە. هەرلەو چوار چێوەیەدا، دامەزراوەی گومرگی ئێران لە دواوین ڕاپۆرتی خۆیدا، باسی لە پەرەسەندنی ١٠هەزار لەسەدی قاچاغی جلو پۆشاکو لاوازبوونی هاوردەکردنی یاسایی ئەم کالاێە کردووە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، چارشێو، لەچکە،مەقنەعەو دەستماڵ زۆرترین شمەکی هاوردەکراوی قاچاغ بۆ ناوخۆ بووە. بە وتەی لێکۆڵەرانی ئابووری، «مەحمود ئەحمەدینژاد» بە گرتنەبەری سیاسەتی پیتاندنی یۆرانیۆم لەو ماوەیەدا، ناچار بووە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی چەند وڵات بۆ نموونە ڕوسیەو بەتایبەت چین، دەرگای بازارەکانی ئێران بۆ هاوردە کردنی هەوسارپساوی شتومەکی ئەو وڵاتانە بکاتەوەو لەئاکامی ئەو سیاسەتەشدا، دەیان و سەدان کارگەو کارخانە لە ناوخۆی ئێران هەرەسیان هێناوەو هەزاران کرێکاریش ئیشەکانی خۆیان لەدەست داوەو بۆ دابینکردنو بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیانو

پەخشکردنەوەی خواردن لە کاتی قەیراندا

بنەماڵەکەیان، تووشی کێشەو گرفتی جیددی بوونەتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا، بانکی ناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕاپۆرتێکدا «نەبوونی متمانە بە داهاتوو»ی یەکێک لە لاوازبوونی دامەزرادنی یەکە بەرهەمهێنەرانی ناوخۆی ئێران لەقەڵەم داوەو بەگشتی ئەو قسەیەی سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێرانی پشتڕاست کردۆتەوە کە دەڵێت: ٥٠٪ی یەکە بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکانی ئێران هەرەسیان هێناوەو داخراونو تەنیا ٣٠٪ی گشت یەکە بەرهەمهێنەرەکانی ئێران دریژە بە کارەکانیان دەدەن. قەیرانی بێکاریو دەستپێکردنی خولێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان«محەممەد عەباسییان» وەزیری تەعاونی دەوڵەتی دەیەم، لە دواوین لێدوانی خۆیدا رایگەیاندووە: نزیکەی ٤میلیۆن کەسی هێزی چالاکی ئێران بێکارەکان پێکی دێنن. بەم ڕاگەیاندنە، وەزیری تەعاونی دەوڵەتی دەیەم ناڕاستەوخۆ، ڕێژەی بێکاری ١٨٪ی لە ئێران پشتڕاست کردەوە. چونکە: بەپێی دواوین ڕاپۆرتی ناوەندی «ئامار»ی ئێران، ڕێژەی حەشیمەتی چالاکی ئێران ٢٢میلیۆنو ٦٠٠هەزارکەس مەزندە کراوە. لێدوانی وەزیری تەعاون، ڕاستەخۆ لێدوانەکانی «ئەحمەدینژاد»و وەزیری پێشووی (کار) «محەممەد جەهرۆمی» وەدڕۆ خستەوە، چونکە تا ماوەیەک لەمەوپێش ئەوانە ڕێژەی بێکارانی ئێرانیان بەتایبەت لەپڕۆسەی دەیەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەنێوان ١٠ تا ١١٪ ڕاگەیاندبوو و ئەو دەنگۆشیان بڵاوکردبووەوە کە «بەدوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاددا ئەم ڕێژەیە بەردەوام ڕووی لە کەمبوونەوە بووە». ! هەر لەو چوارچێوەیەدا، سەرۆکی گشتی بیمەی بێکاری «وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی» ڕایگەیاندووە: لەماوەی ئەمساڵدا ١٥٪ ڕێژەی مووچەبگیرانی بیمەی بێکاری زیادی کردووەو ئەمەش لەحاڵێکدایە کە بەشی سەرەکی ئەو کرێکارانەی کە گرێبەستی کاتییان هەیە واتە ٨٠٪ی هێزی کاری ئێران، بێبەشن لە بیمەی بێکاری. لەڕاستیشدا، ڕێژەی هێزی کاری ئێران٤٠٪ی لە ناوچە شارنشینەکان‌و زیاتر لە ٩٠٪ی ئەم ڕێژەیە لە ئاواییەکانی ئێران پێک دێت. دامەزراوەی «شەفافییەتی نێونەتەوەیی» لە دواوین ڕاپۆرتی خۆیدا رایگەیاندووە: ئێران بە ٢٧ پلە دابەزین لەماوەی ئەمساڵدا لەبواری گەندەڵی و نەبوونی ڕوونی بە پلەی ١٦٨ لەنێوان ١٨٠وڵاتی جیهان گەیشتووە. لەم پلەبەندییەدا، ئێران لەگەڵ دواین وڵاتی ئەم پێرستەدا واتە «سومالی» تەنیا ١٥پلە جیاوازی هەیە. بە وتەی کارناسان، ئەو پەرەپێدانەی کەرتی تایبەت کە لەچوارچێوەی مادەی ٤٤ی یاسای بنەڕەتی‌و بە متمانە پێبەخشینی مەجلیس(پارلمان) لەماوەی ٤ساڵی ڕابردوودا پەرەی سەندووە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازبوونی «شەفافییەت لە ئابووری ئێران» بووە. چونکە بەڕێوبردنی ئەم سیاسەتە، لەژێربەی کاتەکاندا بەدەست دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران بۆ نموونە سپای پاسدارانەوە بووە.

٢نموونەی ئەم پێدانانە لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا، کڕینی نیوەی پشکی ئیدارەی موخابرات(تەلەفون) ئێران بە بەهای ٨میلیارد دۆلار لەلایەن سپای پاسدارانو پێدانی گەلاڵەی ٢/٥میلیارد دۆلاری دامەزرادنی هێلی قەتاری «چابەهار» هەر بەم دامەزراوەیە بووە. گەر وابێ دەتوانین بەراوردی بکەین نەتەنیا ئەوەیکە داراییەکانی دەوڵت تایبەتی کراوە، بەڵکو قەبارەی دەوڵەتیش لەنەبوونی دامەزراوەو ئەو کۆمپانیانەی کە لەدەوڵەت نزیکن، بەپێچەوانەی ئەسڵی ٤٤ی یاسای بنەڕەتی خرابتر لە جاران بووە. بێهۆ نییە کە ئێران لەبواری کەمترین حەقدەست، تەندروستی، دابینکردنی کۆمەڵایەتی‌و ئاسوودەیی شوێنی کار، بەردەوام لە زومرەی دواکەوتووترین وڵاتانی جیهان دایەو دیسانیش بێهۆ نییە کە بە وتەی سەرۆکی ژووری بازرگانی‌و پیشەسازی کانزاکان، لە ئاکامی زاڵبوونی سەرمایەی بازرگانی ئێستاکە ٥٠٪ی بەرهەمهێنەرەکانی ئێران، لەبەردەم هێرشی لافاوئاسای شمەکی هەرزانی چین، پاکستانو تورکیە هەرەسیان هێناو داخراون و تەنیا ٣٠٪ی ئەم کارگایانە دریژە بە کارەکانیان دەدەن. لابردنی سووبسیتەکان، بەتایبەت سووبسیتی سووتەمەنییەکان کە دەوڵەتی دەیەم ناوی «ئامانجدارکردنی سووبسیتەکان»ی لێناوە، نەتەنیا لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەم پرۆسەیە پشتی بەرهەمهێنانی ناوخۆ دەشکێنێت، بەڵکوو زیاترلە هەرکاتێکی دیکە ئێران بەرەو بەهەشتی سەرمایەداری بازرگانی پاڵ پێوەدەنێت. لەڕاستیدا، لەگەڵ ئازادبوونی نرخی وزەکان، زۆربەی یەکە پیشەسازی‌و کشتوکاڵییەکان کە لە نەبوونی سووبسیتدا توانای ململانێیان زیاتر لەجاران لەدەست دەدەن، هیچ ئاسۆیەکیان جگە لە هەرەسهێنان‌و داخران نابێت. ئاسۆی پیشەسازی‌و کشتوکاڵ لەئەنجامی لابردنی سووبسیتەکان هاوکات لەگەڵ مشتومڕی مەجلیس(پارلمان)و سەرۆک کۆمار لەسەر چۆنێتیەتی بەڕێوبردن‌و شێوازی دابەشکردنی دەرامەدی بەدەستهاتوو لە لابردنی سووبسیتەکان، وەزیری پیشەسازی‌و کانزای دەوڵەتی دەیەم « عەلی ئەکبەری مێحرابییان» باسی لەوە کرد کە ڕێژەی گەشەی پیشەسازی‌و کانزاکانی ئێران لەماوەی ساڵی ٨٧ی هەتاویدا نزیکەی ١٠/٥٪ بووە کە بەبڕوای ناوبراو سەرجەم ئەم ڕێژەیە جێگای ڕەزامەندییە، هەرچەند ڕێژەی ئامانجدارکردنی ئەم کەرتە لە گەلاڵەی چوارەمەی گەشەپێداندا ١٢٪ ڕاگەیاندرابوو. بەڵام، ئەوەی گومان لە ڕێژەی ڕاگەیاندراوەکەی وەزیری دەوڵەتی دەیەم زیاتر دەکات ئەوەیە کە وێرای تێپەڕبوونی ٨مانگ لەماوەی ئەمساڵی هەتاویدا تا ئێستا، ئامارێکی باوەڕپێکراو لەبارەی بەرهەمە پیشەییەکانی ئێران بڵاو نەبۆتەوەو ئەو ئامارانەش کە لەبواری کارناسی ئابووری لە بەردەستدان، وەزیری دەوڵەتی دەیەم خۆی لێ دەشارێتەوە ! ! !لەم دواییانەدا، سەرۆکی دامەزراوەی پشکنینی گشتی ئێران «مستەفا پوور محەممەدی» وێرای ڕەخنەگرتن لەو نوقسانیە، ئاماری پێشکەشکراوی سەبارەت بە پولاً، مس، ئالەمینیۆم و سیمان وەدرۆخستەوە. لێکۆلێنەوەکان سەبارەت بە ڕێژەی گەشەی پیشەسازی‌و کانزاکان نیشان دەدەن کە مامناوەندی گەشەی ئەم کەرتە لە پلانی چوارەمی گەشەپێداندا کەمترە لە ڕێژەی بەدەسهاتوو لە پلانەکانی گەشەپێدانی یەکەم‌و سێیەمدا. لانیکەم، ٣٠٪ی هێزی کاری چالاکی ئێران کە ٢٤میلیۆن‌و ٥٠٠هەزار کەس مەزەندە دەکرێت و لە کەرتەکانی پیشەسازیدا چالاکن‌و زیاتر لە یەک لە چواری ئەو ڕێژەیەش لە کەرتی کشتوکاڵدا سەرقاڵی کارن. وێرای ئەوە، بارودۆخی کار لەماوەی ٤ساڵی ڕابردوودا نەتەنیا لە کەرتی پیشەسازیدا جێگای ڕەزامەندی نەبووە، بەڵکو لە کەرتی کشتو کاڵیشدا بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە کە لەنەبوونی پلان‌و سیاسەتێکی گونجاوی ئابووری دەوڵەت، تووشی هەرەسهێنان بوونەتەوە. بۆ نموونە: سیاسەتی جێگیرکردنی نرخی دراو، وێرای ڕێژەی هەڵاوسانی دوو ڕەقەمی و هاوردەکردنی هەوسارپساو لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو تا ئێستا، گورزێکی کاریگەری لە «کار» داوە.لەوەها بارودۆخێکدا، یەکێک لەو پرسیارانەی کە بۆ چاودێران دێتە پێش ئەوەیە کە لابردنی سووبسیتەکان بەتایبەت سووبسیتەکانی سووتەمەنییەکان چ کاریگەرییەکیان لەسەر پیشەسازی‌و کانزاکانی ئێران دەبێت؟

کەرتی پیشەسازی بەتەنیا ١٦٪ی سووبسیتی وزەی بەخۆیەوە تەرخان کردووە کە بەریز بەم شێوەیە: بەرق٢٨٪_ گاز٢٧٪_گازاییل١٠٪_و گازی شلەکیش ٨٪. پێویست بەئاماژەکردنە وێرای وەرگرتنی ئەم ڕێژەیە لە سووبسیتەکان، پشکی پیشەسازی لە داهاتی دانەشکاوی نەتەوەییدا تەنیا لەسەدانوزدەیە. لابردنی سووبسیتەکان لە ڕێگاگەلێکی جۆراجۆر کاریگەری دەکاتە سەر کەرتی پشەسازی‌و کشتو کاڵ. بەرچاوترین نموونەی ئاکامی ئەم پرۆژە بریتیە لە بەرزبوونەوەی دواین تێچوونی بەرهەمهێنانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاستی ململانێ، سەرمایەگوزاری و ئاستی بەرهەمهێنانی گشتی دێنێتە خوارەوە. بە لابردنی سووبسیتەکان یان هەمان «ئامانجدار کردنی سووبسیتەکان» خەرج‌و دەخڵی جوتیارانی ئێرانی بۆ دابینکردنی وزە چەند بەرابەر زیات دەکات کە لە ئاکامدا بەرهەمەکانی ئێران لە کەرتی کشتو کاڵیشدا توانای هیچ ڕاکابەرێیەکیان لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیاو ئافریقای باشوور نابێت. ئێستاکەش، زۆربەی پیشەسازییەکانی ناوخۆی ئێران، توانای رکابەریی خۆیان لەگەڵ رکابەرە بیانییەکان لەدەست داوە و ئەگەر پەرەسەندی ریاڵی خەرجەکان لەگەڵ سیاسەتی جێگیرکردنی نرخی دراو هاوسەنگ نەکرێت، زۆربەی نووسینگە بەرهەمهێنەرەکان کە لە سنووری مان‌و نەماندا ماونەتەوە، بەیەکجار لە بازاڕدا وەلادەنرێن.

*نمونە

قەیرانی جیهانی ئابووری (٤)
(پێناسەی قەیران)

هوشیارمەحموودی

ئەوەیکە چەمکی قەیرانی ئابووری لە کاتێکی دیاریکراوەوە سەریهەڵداوەو بوەتە جێی بایەخی چینە کۆمەڵایەتی وسیاسی‌و پاشان زانستەئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان تا ڕادەیەک ڕوونکەرەوەیە بۆ ئەوەیکە هەر لایەنەو چۆن لەبەرامبەریدا چۆن هەڵوێست دەگرێت. لەوانەش زانستەئابووریییەکان هەر لایەنێک جیاواز لەلایەکەی بەرامبەرتێڕوانین‌و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت. چونکوو زانستەکانیش لەوپەڕی خۆیدا هەر لایەندار دەرەنجامگیری دەکەن‌و ناتوانن بێلایەن بن. بۆ نموونە لیبراڵەکان‌و نیۆلیبراڵەکان چارەسەر بوونی ئەم قەیرانە بەرەو ئامانجێک ئاراستە دەکەن‌و لایەنە سوسیالیستەکانیش بەئاراستەیەکی دیکەداو هەندێ جاریش تێکەڵیەک لەهەردوولا(ڕێگای سێیەم). جەماوەری خەڵکی وڵاتێکیش بەگوێرەی ئەوەی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان چەندە لە سیستمی دەرەبەگایەتی پەرپێتەوە وەلەسیستمی سەرمایەداریداگەشەی سەندبێت و لەچ ئاستێکی گەشەکردندا بێت لەبەرامبەر ئەم پرسەدا هەڵوێست دەگرن.

نووسەری ئەم بابەتە لە چاوی هەژاران‌و بندەستان‌و ستەمدیتووانەوە(چ ستەمی نەتەوەیی‌و یان ستەمی چینایەتیەوە) دەڕوانێتە ئابووری جیهانی‌و کۆمەڵگەکەی خۆی. چونکوو وەک پێشووترپش ئاماژەمان پێدا لای ئۆپێراتۆرانی* ئابووریزانی سەر بە بەرەی نیۆلیبراڵ، هەژاران‌و مرۆڤەکان تەنیا وەکوو ئامار یان چەمکێکی ئابووری هاوکێشەکەیان بوونی هەیە، ئیتر لایەنی مرۆڤ بوون گرنگیەکی ئەوتۆی نیە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە ئەم ئابووریزانانە بەعەقلیەتی کرتکراوی خۆیانەوە ئەیانەوێت شێرپەنجەی لەشێک نەشتەرگەری بکەن کە ئێسکەکانی رزیون. بەم پێیەش ئەوان ئەگەر وەکوو سیاسەتیش لایەنگیر نەبن وەکوو فەلسەفە لایەنگرن. هەربۆیەش ئێمە لە کاتاگۆری ئەوانەدا ناگونجێین. سەرباری ئەمانەش وەک جان بێلامی فۆستێر** دەڵێت ئەم تۆێژە ئابووریزانە پێشوەختو لەباکگراوندی زەینی خۆیاندا وایاناداوە کە ئابووری بەردەوام (هەڵبەت بێ گوێدان بە چۆنایەتی‌و بۆ کێ)گەشە دەکات‌و قەیران چرکەساتێکی تێپەڕە.دیارە پێناسەی مارکس قوڵتر لە هەر ئابووریزانێکی دیکە پێناسەی ئەم قەیرانەی کردووە و باسی ئاشتیەهەڵنەگربوونی توخمو ڕەگەزەکانی کردەوە و پێشبینی‌و پێناسەکانی ئێستاش پاش زیاتر لە سەدەونیوێک لە مەرگی، هەر زیندوون، ئەویش نەک بۆ خودی مارکسیستەکان بەڵکوو بۆ دۆژمنەکانی مارکس. بۆ نموونە باراک ئۆباما لەم کاتی قەیرانانەدا گەڕابووەوە بۆ مارکس. لە ڕاپۆرتێکی دەنگی فارسی ئامریکایشدا(کە تەلەفزیۆنێکی تەواو ڕاستە) بێژەرەکە ئاماژەیدا بە زەق بوونەوەی مارکس بۆ ئابووریزانە لیبراڵەکان لەم کاتی قەیرانەداو لە کۆتاییدا بەم ڕستە قسەکانی تەواو کرد: ((ئابووریزانەکان جارێکیتر گەڕانەتەوە بۆ لای کتێبەکانی ناوبراو، ڕەنگە مارکس حەقی بەدەست بووبێت.)) بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تیۆرییەکانی ئەو کاتی مارکس بەسن بۆ هەموو سەردەمێک بەڵکوو مانای وایە بنەڕتیترو ڕادیکاڵترن‌و میتۆدەکەی شیاوی پشت پێبەستنە. پاش مارکس‌وئینگێڵس ئابووریناس زۆر هاتوون کە تیۆرییەکەی ئەویان پەرە پێداوەو ئەو ڕووداوانەی کە لە مارکسەوە تەنیا تروسکاییەکی دیاربووە ڕوناکیان خستوەتە سەری‌و پەرەیان پێداوە. لەوانە لینین، ڕۆزا لۆگزامبۆرگ، هەری مەگدۆف، پۆڵ سویزی،پۆڵ باران‌و ئیرنێست ماندێل‌و جان بێلامی فۆستێر و...، کتێبەکەی لینین لەسەر ئیمپریالیزم سەرچاوەیە تەنانەت بۆ ڕاست‌و لیبراڵەکانیش. لەمانەدا کە هەر کامەیان بەگوێرەی سەردەمی خۆی تیشکی خستوەتە سەر لایەنێکی قەیرانەکە ئیرنێست ماندێل(ئابووریناسی ئاڵمانی) بە تێروتەسەڵی و لە ڕەگی مێژوویی پرسەکانەوە تیشکی ڕوناکی خستوەتەسەر قەیران.ناوبراو قەیرانی ئابووری لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوون دەکاتەوەو جیاوازی نێوان قەیران لە سەردەمی سەرمایەداری‌و سەردەمی کۆندا دەخاتەڕوو.

درێژەی هەیە...

* سەمیرئەمین لەبابەتێکدابەناوی «ڕۆشنبیران لە بەرانبەرتۆپێراتۆرانی فیکریدا»باسی کردووە

** مانسلی ریڤیو: «فاینانشیانیزم»